ڕۆکەوتن لەسەر فڕۆشتنی خاك و خوێن باجەکەی قورسە ... جەزا ئەحمەد فارس

ئەوەی کە لە کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکان رووبدا بریتی بوو لە فڕۆشتنی خاك و خوێنی پێشمەرگەلە سەر بنەمای ڕۆکەوتنێك لەنێوان هێزە کوردییەکان و سوپای عێراقی بەئاگاداری (هێزەکانی هاوپەیمانی دژی داعش).
لەم ڕۆکەوتنەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە دەسەڵاتی کوردی لە پێناو مانەوەی خۆی وبنەماڵەکانیان نەك تەنها ناوچە جێناکۆکەکان بەڵکو ئامادەشن (هەوڵرو سلێمانی)ش بفرۆشن ئەگەر پێویست بکات.
بۆیە لەسەر خەڵکی هەرێمی کوردستان و ناوچە جێناکۆکەکان ئەرکێکی نەتەوەی و ئەخلاقییە کە چیتر متمانە بەم سەرکردەو دەسەڵاتدارانە نەکات کە مامەڵە بە خوێنی منداڵەکانیان و خاکەکەیانەوە دەکەن.

لە2014 ەوە خوێنی پێشمەرگە دەکرێتە قوربانی بیرەنەوتەکان

ئەوشکستە گەورە ی کەسوپای عێراقی لە ساڵی 2014 توشی بوو لە سەر دەستی داعش، شانسی ئەوەی بە سەرکردایەتی کوردا کە کۆنترۆڵی ناوچەجێناکۆکەکان بکات بە بەکارهێنانی هێزی پێشمەرگە .
بەهەزاران پێشمەرگە لە 2014 ەوە کرانە قوربانی کۆنترۆڵکردنی ئەو بیرەنەوتانەی کە سەرکردایەتی کورد ساڵانێك بوو چاویان تێبریبوو.
بەخوێنی هەزران پێشمەرگە ئەو شوێنانەی کە دەکەوتنە سنوری ناوچە جێناکۆکەکان توانرا لە چەکدارانی داعش پاکبکرێتەوەو لەو کاتەدا سەرکردایەتی کورد ئەو سەرکەوتنانەی پێشمەرگەی بەکارهێنا بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری و هاوکاری نێودەوڵەتی .
لە ڕاستیدا خوێنی ئەو هەزاران پێشمەرگە لە شەری داعش لە پێناو ناوچە جێناکۆکەکان نەرخێزرا بەڵکو ئەوان کرانە قوربانی بۆ بەدەستهێنانی بیرەنەوتەکان، پاشان نەوتەکەشی خرانە خزمەتی دووپارتی سیاسییەوە کە لە خەمی مانەوەی دوو بنەماڵەدان لە دەسەڵاتدا .

کۆ ڕۆکەوتنی لەگەڵ بەغداد کرد بۆ ڕادەستکردنەوەی ناوچە جێناکۆکەکان

لەڕاستیدا ئەم ڕۆکەوتنەی کەکراوە ڕەهەندێکی مێژووی هەیە ئەویش

بیرتیە لەو بەڵێنەی کە سەرکردایەتی هەردوو پارتی دەسەڵات کە لەساڵی 2014 هەوە بە سەرکردە سەربازییەکانی عێراقیان دابوو کە ئەوان ئامادەن لەهەر کاتێکدا بێت ناوچە جێناکێکەکان رادەستی سوپای عێراقی بکەنەوە دوای کۆتای هاتنی داعش.
یەکێتی و پارتی ئەو راستییەیان باش دەزانی کە لەدوای کۆنترۆڵکردنەوەی حەویجەوە حەشدی شەعبی و سوپای عێراقی هەوڵی کۆنترۆڵکردنەوەی کەرکوك و تەواوی ناچە جێناکێکەکان دەدەن بەڵام هیچ هەنگاوێکی پراکتیکیان نەنا بۆ ڕێگرتن لەمەو لەگەڵیاندا ڕێکەوتن .
لەم قۆناغەدا کە یەکێتی لەدۆخێکی خراپدایە بە دۆنیاییەوە بە هەڵکردنی گۆڕپێی سەوز لەلایەن پارتییەوە ڕێکەوتووە بۆ رادەستکردنەوەی ناوچە جێناکێکەکان ئەوەی راستی ئەمەش دەسەلمێنێت، بریتییە لەوەی کە ئەوە تەنها هێزەکانی یەکێتی نەبوو کە بەبێ شەر شوێنەکانیان چۆکرد بەڵکو پارتیش لە پاڵ یەکێتی بەکەمترین زیان شوێنەکانیان رادەستی حەشدی شەعبی وسوپای عێراقی کرد.

بۆچی پێشمەرگە دیسانەوە کرایەوە بە قوربانی لەکاتێکدا ڕێکەوتن هەبوو ؟

هەردوو پارتی دەسەڵاتدار مژوویەکیان هەیە لە بەقوربانی دانی پێشمەرگە ئەوان لە 2003 پێشمەرگەیان بەکارهێنا بۆ ڕزگار کردنی کەرکوك دواتر لە پێناو پارە و دەسەڵات ئامادە بوون بڵێنەوە دەرەوەی شاری کەرکەوك .
لە 2014 ش هەزاران پێشمەرگەیان کردە قوربانی لە پێناو کۆنترۆلکردنی بیرە نەوتەکانی کەرکوك و ناوچە جێناکێکەکان بەڵام بەزووی ئەمەیان بیر چوویەوەو لە 2017 بەحەشدی شەعبی و سوپای عێراقیان چڕکرد.
لەپاڵ ئەوەی کە ڕێکەووتون هەبوو بەمەبەستی هاتنە ناوەوەی حەشدی شەعبی و سوپای عێراقی بۆناوچە جێناکێکەکان بەڵام بەسەدان کوری فەقیر و هەژارانیان دا بە شەهید کردن لە پێناو ئەوەی رای گشتی هەرێمی کوردستانی و ناوچە جێناکێکەکانی پێ چەواشە بکەن و بڵێن کە ئێمە بەر گریمان کرد بە ڵام ئێمە ڕوو بەڕووی هێزێکی نابەرامبەر بووینەوە بۆیە شکستمان هێنا.

گەرانەوەی هەیمەنەی ناوەند بۆ ناوچە جێناکێکەکان

حکومەتی ناوەندی توانی جارێکی تر هەیمەنە بکاتەوە بەسەر ئەو ناوچانەی کە بەهۆی هاتنی داعشەوە ساڵانێکە بیرە نەوتەکانی

لەدەستداوە.
سەرکردایەتی کورد گرەویان لەسەر کەوتنی ناوەند دەکرد لە (2014) کاتێك عێراق رووبەووی هێرشی داعش بوویەوە، بۆیە زۆر بە بێبەرنامە ئەم پارێزگایەیان بەرێوەدەبرد، هەمیشە لەشەردا بوون لەگەڵ یەکتری لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی پارتەکەیان و دابەشکردنی نەوتی کەرکوك.
دەسەڵاتی کوردی لە کەرکوك نەیتوانی بوو لەماوەی رابردوودا نمونەیەکی جوان پێشکەش بکات لە پیادەکردنی دەسەڵات بۆیە هەموومان لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانمانەوە بینیمان کە عەرەبەکان و تورکمانەکانی ناوکەرکوك وەك ئەوەی لە دیکتاتۆریەت رزگاریان بوو بۆت ئاهەنگیان دەگیرا کاتێك هێزە کوردییەکان کەرکوکیان بەجێهێشت.

یەکێتی و پارتی باجی ئەم ڕێکەوتنەدەدەن

ئەم ڕێکەوتنەی یەکێتی و پارتی باجەکەی زۆر بە قورسی دەشکێتەوە بەسەریاندا لەبەر ئەوە ئەم دووهێزە بەرەو ئەوە هەنگاو دەنێن کە متمانەیان نەمێنێت لە ناو خەڵکی هەرێمی کوردستاندا و وە لەناوچە جێناکۆکەکاکان نفوزیان لە دابەزیندایە.
لەکۆتایدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە خوێنی ئەو هەزاران پێشمەرگەیەی کە لە شەری داعش لە پێناو ناوچە جێناکۆکەکان نەرژرا بەکۆ ئەوان کرانە قوربانی بۆ بەدەستهێنانی بیرەنەوتەکان، نەوتەکەشی خرانە خزمەتی دووپارتی سیاسیەوە کە لە خەمی مانەوەی بنەماڵەدان.

کێ خیانەتکارە؟ … جەزا ئەحمەد فارس

ئەوانەی کەبازرگانی لەگەڵ داعش دەکەن و نەوت و سەروەت و سامانی ئەم هەرێمە دەدزن یان ئەوانەی کە لەگەڵ ریفراندۆمدانین؟
لەوەتەی کەدابەشبوونێك لەنێو شەقامی کوردی دروست بووە لەهەرێمی کوردستان سەبارەت بە پرسی ریفراندۆم کەمنین بەرپرسە سیاسیەکانی ئەم هەرێمە لەرگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە سیفەتی خیانەتکار

دەدەنە پاڵ ئەوانەی کە لەگەڵ بەرەی ریفراندۆمدا نین کە ئەمەش دەرخەری ئەو راستیەیە کە سەرکردایەتی کورد توانای قبولکردنی بیرورای جیاوازی نییە و ئەوان تاوەکو ئێستا تێناگەن کە خیانەتکاری راستەقینە کێیە؟

لە راستیدا خستنە پاڵی سیفەتی خیانەت کار بۆ ئەوانەی کە دژ یان لەگەڵ ریفراندۆم نین لە لایەن هەندێك لە سەرکردە سیاسیەکان و بەناو ڕۆشنبیری حیزبەکانەوە هەڵگری ئەو پەیامە ترسناکەیە کە ئەگەر وەك ئەوان بیر نەکەینەوە ئەوە جێگەمان نابێتەوە لەم هەرێمە و ئەمەش سەرەتای لێدانی زەنگێکی ترسناکە بۆ هەموو ئەو مرۆڤە ئازادیخوازانەی کە وەك ئەم دەسەڵاتە بیرناکەنەوە.

ئەو سیستەمە تۆتالیتاریەنەی کە ترسیان لەمانەوەیان هەیە هەمیشە دەیانەوێت کە خەڵکی بەیەك جار بیر بکاتەوە بۆئەوەی بکەونە خزمەتی ئەوان، بۆیە شتێکی ئاساییە ئەو سەرکردانەی کە عەقڵیەتی دکتاتۆریەتیان هەیە بەهەر شێوەیەك بێت دەست بکەن بە تۆمەت بەخشینەوە بۆ ئەوکەسانەی کە وەك ئەوان بیرناکانەوە.
ئەکرێت ئاماژە بەوە بدەین کە یەکێك لە کێشە بنەڕەتیەکانی ئەم هەرێمە بریتیە لەوەی کە سەرکردە سیاسیەکان خاوەنی فەرهەنگێکی سیاسیی دواکەوتوون کە ئەو فەرهەنگە هی ئەم سەردەمە نییەو ناگونجێت لەگەڵ بارودۆخی ئێستادا، ئەوان بیریان چێتەوە کە ئێمە لە سەدەی 21 ئەژین، تا ئێستا لەوە تێناگەن مرۆڤ ئازادە لەوەی کە چۆن بیردەکاتەوە و شتێکی ئاساییە ئەگەر ڕای جیاوازمان سەبارەت بەپرسەسیاسەکان هەبێت.
کاتێك وەك ئەوان بیرناکەینەوە ئەمە واتای ئەوە نیە کە ئەوان ڕاستبن و ئێمەش خیانەتکار .

پێویستە ئەوانەی کە لە گەڵ سەر لەبەری پرسەی ریفراندۆمدانین واتە بریای بایکۆتی ئەم پرسەیان داوە لەگەڵ ئەوانەی کە بریاریان داوە بەنەخێر دەنگ بدەن و ئەوانەشی بە بەڵێ دەنگ دەدەن دەبێت ڕێز لەیەکتری بگرن چونکە دیموکراسیەتی ڕاستەقینە بریتییە لەوەی کە ریز لە ڕای جیاواز بگرین و یەکتری قبولبکەین.
خیانەتکاری ڕاستەقینەش بریتین لەو کەسانەی کە بازرگانی لەگەڵ سەرسەختترین دوژمنی مرۆڤایەتی دەکەن کە مەبەستمان داعشە لەبەر ئەوەی خیانەت وەك چەمك پەیوەندی بە بەستنی ریکەوتن و مامەڵەوە هەیە لەگەڵ دوژمن لەکاتێکدا کەتێ لەشەردا بیت لەگەڵی نەك بیرو ڕای جیاواز.

ئەکرێت بڵێین کە خیانەتکاری راستەقینە ئەوانەن کە کۆنترۆڵی سەروەت و سامانی ئەم هەرێمەیانکردووەو خستوویانەتە خزمەتی تایبەتی خۆیانەوەو ئەمە لە کاتێکدایە زۆربەی زۆری خەڵکی لەهەرێمی کوردستان لە بارودۆخێکی زۆر سەخت و ناهەمواردا دەژین.
ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی کورد بەراستی مەبەستێتی ئەم هەرێمە لەخەڵکی خیانەتکار پاك بکاتەوەو بابفەرموون دەست بکەن بە دادگای کردنی ئەوانەی کە مامەڵەی بازرگانیان لەگەڵ داعش کردووە لەگەڵ ئەوانەی کە کۆنترۆڵی داهاتی نەوتی ئەم هەرێمەیان کردووەو رۆژنە پارەکەی تەخشان و پەخشان.

هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ کوردانی رۆژئاوا، تورکیا نیگەران دەکات … جەزا ئەحمەد فارس

لەدوای تێکچوونی بارودۆخی سیاسی لە سوریا ، سەردەمێکی نوێ بۆ کوردانی رۆژئاوا دەستی پێکرد و بە چەندین قۆناغی هەستیاردا تێپەڕین، کوردەکانی رۆژئاوا توانیان سەرکەوتوو بن لەچەندین تایقیکردنەوەی ووڵاتە زلهێزەکان و بەبەردەوامی بە پلان و بەرنامەی نوێوە وەڵامی پێشهاتە سیاسیەکانیان دەدایەوە.

یەکێك لە خاڵە سەرکەوتووەکانی کورد لە رۆژئاوا بریتی بوو لە داڕشتنی ستراتیجیەتێکی نیشتمانی بۆ ئیدارە دانی ناوچەکانی خۆیان و بەژداری کردن لە رزگارکردنی ئەو ناوچانەی کە دەکەوتە دەرەوەی سنورەکانیان.

تاوەکوو ئێستا سەرکردایەتی کورد لە رۆژئاوا توانیویانە سیاسەتێکی عەقڵانی بکەن لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەو لەتی بەشێوەیەك کە کاریگەریەکانی ووڵاتێکی زلهێزی وەك تورکیا لە سەر خۆیان کەمبکەنەوە و سەرنجی ووڵاتە زلهێزەکانی جیهان بە شێوەیەك بەلای خۆیاندا رابکێشن کەبکەونە کێبڕکێ لە ناردنی هاوکاری سەربازی و

مرۆی بۆیان.

لەم دوایەدا بە شێوەیەکی ئاشکرا وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە ووێنە و ڤیدێی ئەو تانکو زرێپۆشانەی بۆاو کردەوە کە پێشکەی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)ی کردن ، بە ئاشکرا ناوی یەپەگەی وەك یەکێك لە و هێزانە هێنا کە بەشێوەیەك راستەوخۆ یارمەتیمان دەدەن ئەمە لە کاتێکدا بوو کە پێشتر یەپەگە هاوکاری وەردەگرت لە چوار چێوەی هێزەکانی سوریای دیموکرات .

پشتیوانی سەربازی ئەمریکا بۆ یەپەگە دەکرێت وەك سەرەتایەکی گرنگ بۆت بۆ کوردانی رۆژئاوا کە لە ئایندەدا هاوپەیمانی لەسەر ئاستی سیاسی لێبکەوتەوە لە نێوان کوردانی رۆژئاوا و ئەمریکا و ئەو خەباتەوە بردنەی کوردانیش قبووبکرێت لەسەر ئاستی سیاسەتی وویلایەتە یەکرگتووەکانی ئەمریکا.
ئەمریکا لە رێگەی ئەم هاوکاریەوە ئەو پەیامەی بە تورکیا دا کە دەستوەردانی تورکیا قبولکراو نیە لەناوخاکی سوریا و ئەوان پشتگیری کوردەکان دەکەن.
ئەو کاریگەریەی کە یەپەگە لە ئۆپراسیۆنی تورەی فورات نواندی نیشانی جیهانی دا کە ئەوان تەنها هێزێکی کوردی زرگار کەر نین پەیوەست بن بە سنورو جوگرافیای خۆیانەوە بەکو ئەوان هێزێگی رزگار کەری مرۆین و شەری تیرۆر دەکەن لەدەرەوەی سنورەکانی خۆیان.

پەپەگە هێزێکی قبوکراوە لە لایەن ئەمریکا و ئەوروپاوە چونکە ئەو ناوچانەی کە رزگای دەکەن نامێننەوە تیایدا بەکو بۆ خەکی ناوچەکەی جێدەیەن کە خۆیان حوکمی خۆیان بکەن کە ئەمەش فۆرمێکی نوێی حکومرانی کردنیە کە بە خەبەرەوە بەری دیموکراتی ناسراوە.

تورکیا نیگەرانە لەهاوکاریەکانی ئەمریکا بۆ یەپەگە چونەکە بەتێك چوونی بارودۆخی سوریا تورکیا مەلەفێکی تایبەتی کردبوویەوە لە سەر ئاستی هەرێمی و نێو دەوڵەتی تایبەت بەناساندنی یەپەگە وەك هێزێکی تیرۆرستی بەئام یارمەتیەکانی ئەمریکا بەشێوەیەکی راستەوخۆ بۆیەپەگە ئەو مەلەفەی تورکیای بەرەو شکست هێنان بردو ئەو پەیامەی بە حکومەتی تورکیا دا کە ئەمریکا وەك دۆستێك تەماشای یەپەگە دەکات.

پارتی سیاسەتەکانی یەکێتی ئاڕاستە دەکات … جەزا ئەحمەد فارس

ئەو باڵبانەی کە لەناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا هەیە هەمیشە لە لایەن پارتییەوە بەکار هێنراوە بۆ بەدەست هێنانی ئەو ئامانجەسیاسیانەی کە هەیەتی، بۆیە دروستکەری بۆیار لەناوپارتی دیموکراتی کوردستان سیاسەتەکانی خۆی بەرامبەر یەکێتی لە سەر ئەو بنەما دروست کردووە کە بە هەرشێوەیەك بێت بارودۆخی ناو یەکێتی بەشلۆقی و ناجێگیری بهێڵرێتەوە لە پێناو ئەوەی کە یەکێتی و بەو شێوەیە ئاراستە بکات کە لە گەڵ بەرژەوەندیەکانی پارتی دەگونجێت.
پارتی لەدوای دروست بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز لە هەرێمی کوردستا کە مەبەستمان ساڵی (2009)یە دەستی کرد بە داشتنی سیاسەتێك بە مەبەستی ئاڕاستەکردنی یەکێتی بۆ بە دیهێنانی بەرژەوەندیەکانی.

ئەکرێت بڵێن کە پارتی سەر کەوتوو بووە لە سیاسەتی ئاراستە کردنی یەکێتی، چونکە بەوشێوەیەی کە خۆی مەبەستیەتی توانیویەتی لە ژێر بەی بارودۆخە سیاسیەکاندا
یەکێتی ئاراستە بکات .

لێرەدا چەند نمونەیەك دەخەینە ڕوو سەبارەت بە ئاراستە کردنی یەکێتی لەلایەن پارتیەوە ،ئەکرێت در ێژکردنەوەی ماوەی سەرکایەتی (مەسعود بارزانی) لە ساڵی (2013) بە گرنگترین خاڵی ئاراستە کردنی یەکێتی دا بنێین لە لایەن پارتیەوە، لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا هەموو یەکێتی ئەواستیەیان دەزانی کە ئەمە کارێکی نایاساییە بەڵام بەهۆی ئەوەی کە پارتی توانای ئاراستەکردنی سەر کردایەتی یەکێتی هەبوو، پێکەوە ماوەی (2) ساڵ سەرکایەتی بارزانیان لە پەرلەمان درێژکردەوە.
بەکۆتایهاتنی ئەم (2) ساڵ درێژکردنەوەی ماوەی سەرکایەتی هەرێم یەکێتی وەك پارتێکی سیاسی نەیتوانی ڕێگربێت لە بەردەم مانەوەی بارزانی لە پێستەکەیدا، وە هەروەها هەندێك لە بەر پرسانی ئەم پارتە لە سەر ئاستی باڵا تاوەکو ئێستاش وەك سەرکیکی شەرعی

تەماشای بارزانی دەکەن.

کاتێك بزووتنەوەی گۆران رەکەوتنی لە گەڵ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەست پارتی لە رێگەی شانە نوستوەکانی خۆیەوە لەناو یەکێتی دەستی کرد بە هەڕشکردنە سەر گۆران و ئەو رەکەوتنە، بۆیە رەکەوتنی نێوان گۆران و یەکێتی لە چوار چێوەی حیبری سەر کاغەز مایەوەو نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئێستاش پارتی دیموکراتی کوردستان دەیەوێت جارێکی تر شانە نوستووەکانی خۆی لەناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەکار بهێنێتەوە دژی ئەو سەر کردەو پلە باڵانەی کە لەناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستانن و دەیانەوێت ئەم پارتە بەرەو ئەوە ئاراستە بکەن کە بکەوێتە دژایەتی بەرژەوەندیەکانی پارتی.
لەپاڵ ئەوەی کە پارتی بەبەرنامە کار لە سەر دروست کردنی پشێوی دەکات لەناو یەکێتیدا وە مەبەستیەتی یەکێتی وەك پارتێکی لاواز بمێنێتەوە بۆ ئەوەی کە بەردەوام بێت لە سەر ئاراستەکردن و بەکارهێنانی.
لەراستیدا ئەو پەرتەوازییەی کە ریزەکانی یەکێتی گرتۆتەوە لە سەر ئاستی بەرز شانسی ئەوەی داوە بە پارتی کە بەوشێوەیەی خۆی دەیەوێت یاری بەچارەنوسی یەکێتی بکات.

سیاسەتی برسی کردنی هاووڵاتیان لەپێناو چیدا؟ … جەزا ئەحمەد فارس

حکومەتی هەرێمی کوردستان ماوەی چەند ساڵێکە سیاسەتی برسی کردنی هاونیشتیمانیانی خۆی گرتۆتە بەر کە ئەم سیاسەتە بە شێکە لە ستراتیجیەتی سەرکردە سیاسیەکانی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار لە پێناو ناچار کردنی خەڵکی کە ملکەچی سیاسەتەکانیان بن و کاریگەری ئۆپۆزسیۆن کەم بکەنەوە.
سیاسەتی برسی کردن لە پاڵ ئەوەی کە سیاسەتێکی نا ئەخلاقیە چەندین دەر ئەنجامی ترسناك بەدوای خۆیدا دەیەنێت کە کاریگەری نەرێنی لە

سەر هەڕەمی کوردستان بە جێدەیەڵێت.

دەروازەیەك بۆ ناساندنی سیاسەتی بەرسی کردن

سیاسەتی بەرسیکردن بریتیە لەو سیاسەتەی کە لە ڕێگەیەوە هاوڵاتیان ناچار دەکرێن لە بارو دۆخێکی ئابووری قورسدا ژیان بگوزەرێنن بە شێوەیەك کە توانای ئەوەیان نەبێت بتوانن پێداویستە سەرەتایەکانی ژیان بۆ خۆیان و منداڵەکانیان دابین بکەن .
جاران ووڵاتە داگیرکەرە گەورەکان ئەم سیاسەتەیان دەگرتە بەر بەرامبەر بە هاوڵاتیانی ئەو ووڵاتانەی کە داگیریان دەکرد ئەمەش لە پێناوی ئەوەدا بوو کە هاوڵاتیانی ئەو ووڵاتەی کە داگیریان کردووە ملکەچی و سیاسەسەتەکانیان ببن.
ئەم سیاسەتە سیاسەتێکی نا ئەخلاقیە بەو پێیەی لە سەر ئەوە بنیاد نراوە کە سوکایەتی بە شەرەف و کەرامەتی مرۆڤ بکرێت، تاکەکان ناچار دەکرێن لە پێناو ئەوەی کە درێژە بە ژیانی ئاسای خۆیان بدەن چاو لە ناعەدالەت و گەندەڵیەکانی دەسەڵات بپۆشن.
لە راستیدا دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان لە پێناو ملکەچ کردنی خەڵکی هەرێمی کوردستان ئەم سیاسەتە دەگرنە بەر و دەیانەوێت لەم ڕێگەیەوە درێژە بەمانەوەی خۆیان بدەن.

ئامانجی پیادەکردنی سیاسەتی بەرسی کردن

دەسەڵاتدارانی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار لە هەرێمی کوردستان بەر پرسیاری سەرەکین لە پیادە کردنی ئەم سیاسەتە لە پێناو بە دەست هێنانی زۆر ترین داهات بۆ خۆیان و پارتە کانیان ئەم سیاسەتەیان گرتەبەر وە بۆ سەر شێواندنی خەڵکەکەش هەمیشە ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم دۆخە دەر ئەنجامی قەیرانی دارایی بەڵام لە ڕاستیدا شتێك بەناوی قەیرانی دارایی‌ەوە بوونی نیە.

قەیرانی دارای قەیرانێکی دروستکراوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە پێناو بردنی داهاتی ئەم هەرێمە بۆ گروپێکی بچوکی دەسەڵاتدار
یەکێکی تر لە ئامانجە بنەڕەتیەکانی سیاسەتی بەرسی کردن کە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پیادە دەکرێت بریتیە لە دروست کردنی کۆمەڵگەیەکی مەڵ ئاسا کە بەڵی بۆ هەموو سیاسەتەکانی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار بکات.
بەگرتنەبەری سیاسەتی بەرسی کردن لەلایەن حکومەتی هەرێمی

کوردستانەوە دەسەڵاتداران دەیانەوێت کە خەڵکی ناچار بکەن جارێکی تر بگەڕێنەوە ناو هەردوو پارتی دەسەڵاتدار و لە چوار چێوەی ئەو پارتانە سیاسەت بکەن لە پێناو ئەوەی کە لە ڕێگەی ئەم پارتانەوە بتوانن هەندێك داهاتیان دەست بکەوێت بێ درێژە پێدان بە ژیانی ئاسای خۆیان.

ئەکرێت ئەمەش بە خەیاڵێکی سیاسی ناو ببەین چونکە دوای ئەوەی ئۆپۆزسیۆن ڕێکی دیاری بینی لە ووشیار کردنەوەی خەڵکی هەرێمی کوردستان لە میانەی (2009-2013) ئەگەر بە قورسکردنی گوزەرانی خەڵکی هەندێك ناچار بن پەنا بێ هەردوو پارتی دەسەڵاتدار بەنەوە، ئەوە بە تێپەڕبوونی ئەم دۆخە دەکەونە بەرەی دژایەتیان .

دەر ئەنجامی سیاسەتی برسیکردن

زۆر جار سیاسەتی برسی کردن دەبێتە هۆکاری سەرەکی بێ دروست بوونی هەندێك دیاردەی کۆمەڵایەتی کە ئەکرێت بە لادانی کۆمەڵایەتی ناوی بنێین وەك (لەشفرۆشی).
هەرێمی کوردستان ئێستا لە لێواری ئەوەدا کە ئەم دیاردەیە بەرەو هەڵکشان بڕوات وە خەڵکانێك تەنها لە پێناو ئەوەی کە ژیانێکی ئاسای بێ منداڵەکانیان دابین بکەن دەست دەکەن بەم کارە.
ئەکرێت ئاماژەش بەوەش بدەین کە ئەکرێت هەر لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە بەهۆی ئەم سیاسەتەوە دزی کردن تەشەنە بسەنێت.

جگەلەمانەی کە ئاماژەمان پێکرد ئەم سیاسەتە بێتە هۆی ئەوەی کە ڕێژەی جیابوونەوەی خەزانەکانیش زیاد بکات لەهەمان کاتیشدا چونە ناو پرسەی هاوسەرگیری کەم بکات.
سیاسەتی برسی کردن لە ڕووی ئابووریەوە بێتە هۆی ئەوەی کە جۆرەی ئابوری کەمبکات و بازارەکان وەکو جاران مامەڵەی ئابوری بە شێوەیەکی فراوان بەخۆوە نەبینن .
لە ڕووی سیاسیەوە ئەم سیاسەتە هۆکارێکی سەرەکیە بێ ئەوەی کە هاوڕاتیان متمانەیان بە حکومەت و پارتە سیاسیەکان نەمێنێت و ناڕەزایەتیەکانیان دەر ببڕن بەچەندین جۆرانەوە لە شێوەی بزاوتی ڕێکخراودا .
ئەو بڕمتمانەیەی کە لە دەر ئەنجامی پیادە کردنی ئەم سیایسەتەوە دروست بووە لە نێوان هاوڕاتیان و دەسەڵات دور نیە سەر بکێشێت بێ دروست بوونی توندوتیژی سیاسی ئەگەر ئەم دۆخە بەردەوام بێت.

حکومەتی هەریمی کوردستان خراپترین نمونەی حکومڕانی کردنە … جەزا ئەحمەد فارس

حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدرێژی هەموو قۆناغەکانی مێژووی سیاسیی لە باشوری کوردستان خراپترین نمونەی حکومڕانی پێشکەش کردووە.
پێویستە خەڵکی لەوە تێبگات تەنها ئەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کابینەیەکی شکستخواردوو نیە بەڵکو کابینەکانی پێشوتریش بەپێی هەموو پێورەکان خراپترین جۆری فەرمانڕەوایەتیان پێشکەشکردووە.
سیاسەتەکانی ئەم کابینەیە درێژکراوەی سیاسەتەکانی کابینەکانی تر و ئەو قەیرانانەی کە ئەمڕۆ هەن و گوزەرانی هاوڵاتیانیان تێك داوە دەرئەنجامی ئەو هەڵە گەورانەن کە لە کابینەکانی تر ئەنجامدراون.
هەندێك لەم قەیرانانە بە بەرنامە دروست کراون بۆ ئەوەی کە هاووڵاتیان سەرقاڵ بن بەو قەیرانانەو دزی و گەندەڵیەکانی بەر پرسانیان بیر بچێتەوە.
لەماوەی رابردوودا کاربەدەستانی ئەم هەرێمە لە بری ئەوەی سیاسەتێکی دروست بکەن بە ئاراستەی خزمەت کردنی خەڵکی هەرێمی کوردستان و بەرەو پێش بردنی ئەم هەرێمە بە بەردەوامی لە ململانێدا بوون بۆ ئەوەی کە بتوانن زۆر ترین داهات بە دەست بیەنن لە داهاتی گشتی کە موڵکی هەموو خەڵکی هەریمی کوردستانە.

پێویستە خەڵکی هەرێمی کوردستان لەوە تێبگات نابێت چاوەڕێی باش بوونی بارودۆخی هەرێمی کوردستان بکەن لە بەر ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی لەم هەرێمە مانەوەی بە ندە بە دروست کردی قەیران بۆ ئەوەی کە بتوانن درێژە بە فەرمانڕەوای خۆیان بدەن.
ئەوان بە دروست کردنی قەیرانەکان خەڵکی ناچار دەکەن کەبەبەردەوامی سەرقاڵ بن و نەیان پەرژێتە سەر ئەوەی کە بیر بکانەوە سەبارەت بە گەندەڵی و ئەو ناعەدالیەتیانەی کە ئەم دەسەڵاتە دروستی کردووە چونکە ئەوەی ئەم دەسەڵاتە بە خەڵکی هەرێمی کوردستانی کردووە و دەیکات بۆواناکەم لە هیچ شوێنکی ئەم

جیهانه بوونی هەبێت.
ئەم دەسەڵاتدارە گەندەڵانەی هەرێم بەبەردەوامی سوکایەتی بە کەرامەت و شەرەفی مرۆڤی کورد دەکەن و کار بۆ ئەوە دەکەن کە شکۆمان بشکێنن ئەمە لە کاتێکدایە کە فەرمانڕەوای دروست کار بۆ بەرز کردنەوەی شکۆی هاونیشتیمانیەکانی دەکات بۆ ئەوەی لە سەر ئاستی جیهان تاکەکانی ڕێزی لێبگیرێت.

ناکرێت و نابێت چاوەڕێی باش بوونی باردۆخی هەرێمی کوردستان لەم پیاوە سیاسیە بچوکانە بکەین لەبەر ئەوەی هەر ئەم پیاوە سیاسیانە بوون شەڕی برا کوژیان بە خەڵکی کردو بە هەزاران گەنجیان کردە قوربانی و دواتر لەسەر مێزی گفتوگۆ ، ووڵاتە زلهێزەکان کێیان کردنەوە.
ئەم دەسەڵاتە مێژوویەکی خراپی هەیە لە سوکایەتی کردن و بەتاکەکانی خۆی بۆیە ئایندەیەکی باش هەرگیز چاوەڕوانی ناکات.
هەمیشە هیوا خواز بووین کە دەستاو دەست کردنی دەسەڵات لەم هەرێمەی کە تیایدا دەژین بە شێوەیەکی ئاشتی خوازانەو دیموکراسانە بێت و دور بێت لە هەموو کارێکی توندو تیژی و نامرۆڤانە بەڵام بوونی هێزی چەکدار لە لایەن پارتە سیاسیەکانەوە ئەوە مان پێدەڵێت کە چارەنوسی ئەم هەرێمە لە سوریا و لیبیا باشتر نابێت .

ئەم پیاوە سیاسیە بچوکانەی کە ئێمە هەمانە وا باوشیان بە کورسیەکانیاندا کردووە کە بە ئاسانی دەست بەرداری نابن و لە وەژووە خۆناویەی کە هەیانە تێدەگەین کە ئەمان بەلایانەوە ئاسایە لولەی تفەنگەکانیان بکەنە هاوڵاتیانی خۆیان و شارەکانمان خۆتانی خوێن بکەن.
ئەم شێوازی دروست کردنەی قەیرانە کە سەرانی حکومەتی هەرێم پیادەی دەکەن بریتیە لە پیادەکردنی سیاسەت بە شێوەیەکی نائەخلاقی و نا بەرپرسانە وە پێویستە بە زووترین کات بوە ستێنرێن .
لەکۆتایدا پێم وایە باشترین ڕێگە بۆ وەستانی ئەم دەسەڵاتە دیکتاتۆرە گەندەڵە مرۆڤ کوژە ئەوە یە کە کوردەکانی ئەوروپا دەست بکەن بە درست کردنی گروپی فشاری گەورە گەورە بۆ ئەوەی ووڵاتە زلهێزەکان سنورێك بۆ ئەم کاربەدەستانە دابنێن ولەوە زیاتر سووکایەتی بە شەرەف و کەرامەتی مرۆڤی کورد نەکرێت و کارە چەوتەکانیان سنوردار بکرێن.

ئەوانەی لە بەغداد دژی پارتی بوون زیربەیان لە هەڵم لەگەڵین … جەزا ئەحمەد فارس

فراکسیۆنە کوردیەکان لە بەغداد توانیان تاادەیەکی باش یەکگرتوو بن دژی هەیمەنەی سیاِسەتەکانی پارتی لە بەغداد بێیە بەپێی یاسای بودجەی 2017 هەرێمیان پابەندی بەغداد کرد ئەم هەنگاوەش لە پێناو چارە سەر کردنی کێشەی ئابوری هەرێمی کوردستان نراوە.
بە پێی تێروانینی فراکسیۆنەکانی (یەکێتی و گۆران و یەکگرتو و کۆمەڵ) لە پێناو خەڵکی هەرێمی کورستان هەرێمیان بە یاسا پابەندی بەغداد کرد ئەمە لە کاتێکدایە پارتی بە هەمووشیەك دژی یاسی بودجەی 2017 هەیەو لە رێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕایگەیاند کە ئەوان پابەند نابن بە یاسای بودجەی 2017 هوە.

وەستاندنەوە دژی هەیمەنەی پارتی لە بەغداد ئەکرێت بەهەنگاوێکی گرنگ وەسف بکرێت لە بەرئەوەی لە دوای 2003 وە ئەمە یەکەمینجارە کورد بەئاراستەی سیاسەتەکانی پارتی لە بەغداد سیاسەت نەکات .
ئەو ئیرادەی کە لایەنەکانی دەروەی پارتی لە بەغداد هەیانبوو دژ بەم پارتە پێویستە لەناوخێی هەرێمی کوردستانیش دووبارە بکرێتەوە لە پێناو وەستاندنی هەیمەنی پارتی دیموکراتی کوردستان کە کۆنترۆڵی سەرجەم پایەکانی فەرمانڕەوی کردووە لەم هەرێمە.
یەکێتی و گۆران و کۆمەڵ و یەکگوو لە بەر دەم بەر پرسیاریەتیەکی ئەخلاقی و نەتەوەی مێژوویدان لە ناوخێی هەرێمی کوردستان، پێویستە وەك چێن لە بەغداد هەموان دژی سیاسەتی هەڵەی پارتی وەستانەوە ئاواش لەناوخێی هەرێمی کوردستان یەکگرتوو بن و پێکەوە کاربکەن لە پێناو ئەوەی ئەم هەرێمە لە ژێر هەژموونی پارتی دیموکراتی کوردستان دەر بهێنرێت.

بەڵام بەداخەوە لە یەکەم کاردانەوەی یەکێتی و یەکگرتوو کۆمەڵ لە ناوخێی هەرێمی کوردستان کە تاوەکو ئێستا پیادەی دەسەڵاتی سیاسی دەکەن لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پارتی سەرکایەتی دەکات دەردەکەوێت کە ئەگەری زۆرە ئەوان دژی فراکسیۆنەکانیان لە بەغداد

بوەستنەوەو پشتگیری پارتی بکەن لە پێناو ئەوەی کە نەوت رادەستی بەغداد نەکرێت.
هەرچی بزووتنەوەی گۆڕانە بە ئاشکرا ئەوەی ڕاگەیاندووە کە ئەوان پشتگیری فراکسیۆنەکەیان دەکەن لە بەغداد و لەگەڵ ڕادەست کردنی نەوتن بە بەغداد.
لەڕاستیدا تاوەکو پارتی بەردەوام بێت لە سەر فەرمانڕەوای کردن لەهەرێمی کوردستان ئەوە بگوومان نابێت پێشبینی باش بوونی بارودۆخی هەرێمی کوردستان بکەین.
ئەگەر لایەنە سیاسیەکان بە دووفاقی مامەڵەبکەن لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا ئەوە بگومان درێژە دەدەن بەسیاسەتەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و شەریك دەبن لە شەر عیەت دان بەو هەموو سوکایەتی و بێ شەرەفیەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە بەرامبەر خەڵکی ئەم هەرێمە ئەنجامی دەدات.

تورکیا بەرەو دواوە هەنگاو دەنێت … جەزا ئەحمەد فارس

حکومەتی تورکیا لەماوەی ڕابردوودا هەمەتی گرتنی چالاکوان و ئەندامانی پارتی دیموکراتی گەلانی دەست پێکردووە بەبیانووی پەیوەندیان لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان ئەمەش وای کردووە کە ناەزایەتیەکان لە باکوری کوردستان دژی ئەم سیاسەتە فراوانتر بێت .
دەسەڵاتدارانی تورکیا بەدەستگیرکردنی چالاکوانانەوە نەوەستان چەندین سەرۆك شارەوانیان دەستگیر کرد،پاشان هاوسەرۆکەکانی پارتی دیموکراتی گەلان (سەلاحەدین دەمیرتاش و فیگەن یۆکسکداغ) و ئەندام پەرلەمانە کوردەکانی ئەم پارتەیان بە شێوەیەکی ناشارستانیانە ڕاپێچی گرتووخانە کرد بەمەش تورکیا ئەو پەیامەی بەگوێی جیهان دا کە تورکیا بەرەو دواوە هەنگاو ئەنێت و ناتوانێت جیاوازییەکان قبوڵ بکات.
ئەم هەنگاوەی تورکیا سەرەتاکانی شەڕی هەگیرساندەوە و هیواکانی بۆ ئاشتی جارێکی تر لەناوبرد و لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیش بەرەو ئەوە دەڕوات ببێت بە ووڵاتێکی نەخوازرا و دور دەکەوێتە لە

بەدیھێنانی خەونی بوون بە ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا.

زەنگی دەستپێکردنی شەڕ لە تورکیا لێدرا

بەدروست بوونی پارتی دیموکراتی گەلان جارێکی تر ئەو ئایدیا گەرایەوە کە دەکرێت ئاشتی بێتە ئاراوەو خەباتی چەکداری پێبنێتە قۆناغێکی نوێوە و ئەو کوشتارو خوێنڕێژیەی کە سەپێنرابوو بە سەر واقعی باکوری کوردستان سنور دار بکرێت و ھەنگاو بەرەو چارەسەری پرسی کورد بنرێت لەبەر ئەوەی ئەم پارتە تەنھا نمایندەی کوردی نە دەکرد بەڵکو خۆی بەنمایندەکاری سەرجەم دیموکراتی خوازەکانی تورکیا دادەنا کە کار بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد و کەمینەکانی تر دەکەن.
بەڵام بە دەستگیر کردنی سەرانی ئەم پارتە جارێکی تر زەنگی دەست پێکردنی شەڕ لێدرا و واقعی تورکیا بەرەو ئەوە دەڕوات کە جارێکی تر شەڕ لەناو باکوری کوردستان دروست ببێت.
ھەموو پێشھاتەکان ئەوەمان پێدەڵێن کە شەڕێکی خوێناوی دروست ئەبێتەوە لە نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و سوپای تورکیادا .
لەحاڵەتەی بوونی شەڕدا جارێکی تر ڕەحی دوژمنکاری لە نێوان کورد و تورك دروست دەبێتەوە، مەلەفی چارەسەر کردنی پرسی کورد دادەخرێت و تورکیا بەرەو دواوە ھەنگاو دەنێت.
لەپاڵ ئەوەی کە زەنگی شەڕ لێدرا جارێکی تر شەقامەکانی باکوری کوردستان دەبنەوە بە گۆڕەپانی دەربڕینی ناڕەزایەتیەکان دژی سیاسەتەکانی حکومەتی تورکیا و ئەگەری پێك ھەڵپژان لە نێوان پۆلیسی تورکیاو خۆنیشاندەران ھەیە.

تورکیا ووڵاتانی جیھان نیگەران دەکات

ئەم واقعەی کە تورکیای پیادا تێدەپەڕێت ئەو وولاتە ئەکات بە ووڵاتێکی نەخوازرا و لە سەر ئاستی نێوەوەتی لە بەر ئەوەی ھەر دەوڵەتێك خۆی بە دەوڵەتێکی دیموکرات بزانێت نابێت بە شێوەیەکی ناشارستانیانە نوێنەرانی گەل رابکێشێت بۆ بەندینخانەکان بەھەر بیانوویەك بێت.
وویلایەتە یەکگتووەکانی ئەمریکا و ووڵاتانی ئەورووپا بەتوندی کەوتوونەتە لێمە کردنی تورکیا بۆ ئەم ھەڵوێستارانەی و ئەوەیان ڕاگەیاندوە کە نیگەرانن سەبارەت بەو رووداوی گرتی ھاوسەرۆکەکانی پارتی دیموکراتی گەلان و ئەندام پەرلەمانەکانی و داوای ڕاگرتنی ئەم گرتنانە دەکەن لەبەر ئەوەی بە پێی بنەماکانی دیموکراسی پێویستە ڕۆژ لە جیاوازیەکان بگیرێت و ناکرێت نوێنەرانی گەل دوور

لە بنەماکانی مافی مرۆڤ ڕاپێچی گرتووخانە بکرێن.

بە بەردەوام بوونی تورکیا لە سەر ئەم ڕەفتارانەی ئەوە خەونی بوون بە ئەندام لە یەکێتی ئەو ڕوپا لە دەست دەدات لە بەر ئەوەی ووڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا هەمیشە ڕەخنەی ئەوەیان لە تورکیا گرتووە کە ڕەوشی مافی مرۆڤ لە تورکیا لە بارودۆخێکی خراپدایە و بێ بوون بە ئەندام لە یەکێتیەکەیان پێویستە هەموو هەوڵێك بدەن بێ باشکردنی ڕەوشی مافی مرۆڤ و چارەسەرکردنی پرسی کورد بە ڕێگەی ئاشتیانە.

پارتەکانی باشوری کوردستان یەك هەڵوێستن سەبارەت بە گرتنی سەرانی هەدەپە

لەباشوری کوردستان پەرتەوازەییەی باڵی کێشاوە بە سەر سەرجەم کایەکاندا و یەکتر قبوڵ نەکردن و هەوڵدان بێ سڕینەوەی یەکتری بووتە سیمایەکی باو بەڕام سەبارەت بەگرتنی سەرانی هەدەپە سەرجەم لایەنەکان نارەزایییان دەربڕیوە بەشێوەی جیاجیا، ئاماژە بەوە دەکەن کە نیگەرانن لەم ڕەفتارەی تورکیا و دەبێت ڕۆژ لە نوێنەرەکانی خەڵك بگیرێت .
لەراستیدا هاو هەڵوێست بوونی پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە گرتنی هاوسەرۆکەکانی پارتی دیموکراتی گەلان ئەو ڕاستیە دەردەخەن لەپاڵ جیاواز بوونی دیدگای پارتە سیاسیەکانی کوردستان ئەکرێت کە هەموان هاوهەڵوێست بن سەبارەت بە پرسی کوردو هەندێك بابەتی نەتەوەی .
لەمەی سەرە وە ئەگەینە ئەو ڕاستیەی هەرچەند ناکۆك بین لەناوخۆدا ئەکرێت لە پێناوی پرسە نەتەوەیەکان هاوڕاو هاو هەوڵێست بین.

کێشەکانمان لە گەڵ بەغداد لە سەر پرسی نەتەوەین یان وپارە و

پێست ... جەزا ئەحمەد فارس

ئەم قەیرانەی کە ڕوو بەڕووی هەرێمی کوردستان کرایەوە زۆر شتی بۆ ڕونکردینەوە یەکێك لەو بابەتانە بریتی بوو لە کێشەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ.
سەرکردە سیاسیەکانمان ئەمەیان بەوە هەدەخەتاند کە کێشەی کورد لە گەڵ بەغداد لە سەر پرسە نەتەوەییەکانە و ئەوان تا دوا هەناس دەجەنگن لە پێناو ناوچە جێناکۆکەکان و بە دیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کورد.
بە تێپەڕبوونی کات دەستی سەرکردەسیاسیەکانمان کەشف بوو کە ئەوان بۆ پارە و پێست لەوێن مەبەستیانە کە پرسە نەتەوەییەکان تەنها وەك کایەك و بیفرۆشنەوە بە خەڵکی هەرێمی کوردستان و ناوچە جێناکۆکەکان.
بۆیە لە (2003) ەوە تەنانەت یەك ناوچەی جێناکۆکیش نەتوانراوە بگەڕێنرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان و یەك پرسی نەتەوەیش نەتوانراوە بەرەو پێشەوە ببرێت.

سەرکردە سیاسیەکانمان لە بەغداد نمونەیەکی ناشیرینیان پێشکەش کرد چونکە ئەوان ئەوەندەی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان و بنەماڵەکەیان ،یان حیزبەکەیان لەوێ بوون نیو هیندە بۆ خەمی هاوڵاتیان نەچوبوونە بەغداد.
لەپاڵ ئەوەی دەسەڵاتداری کورد لە بەغداد خەریکی پارە کۆکردنەوە و بەدەست هێنانی پێست بوون لە ناو خۆشیاندا هەمیشە لە ململانێیە کی سەختدا بوون بۆ ئەوەی زۆر ترین پارە و پێست بەدەست بیەنن بۆیە نەتوانرا ئامانجی نەتەوەی بەدەست بیەنرێت لە بەغداد.
ئە گەر سەرکردەکانی کورد بە عەقڵیەتێکی واقعی و دور لە خۆپەرستی خۆیان و حیزبەکانیان بچونایەتە بەغداد ئەوە بگومان پێگەی هەرێمی کوردستانیانی بە هێز دەکرد و دەیان توانی سود لە وداهاتە زۆرەی عێراق وەربگرن بۆئەوەی کە ئابوورییە کی بەهێز درست بکەن بۆ هەرێمی کوردستان.
بەڵام بەداخەوە سەرکردە سیاسیەکانی کورد لە سەرەتای چونە بەغدادیانەوە لە پاڵ ئەوەی کە داهاتوو پێستی گرنگیشیان بە دەست هێنا نەیاتوانی پرسی نەتەوەی کورد بەرەو پێشەوە بەرن لە بەر ئەوەی خەرقی گەندەڵیەکی گەورە بوو بوون.

کاتێك کە بوین بە بەشێك لە عێراقی فیدراڵ زۆر پێستی گرنگ و پارەمان بە دەستهێنا بەڵام لە بەر ئەوەی نەمانتوانی بە شێوەیەکی

عاقڵانە مامەڵە بکەین پێیانەوە ئەو پێست وپارانە بونە مایەی ماڵوێرانی بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان.
سەرکردایەتی سیاسی کورد لەپاڵ ئەوەی بۆ پێست و پارە چونە بەغداد خەڵکیان کردە قوربانی چونکە بە بەردەوامی کاریان لە سەر چەواشەکاری خەڵکی هەرێمی کوردستان کردووە کە ئەوان بۆ دەست کەوتی نەتەوەی چونەتە ئەوێ .
کاتێك عەرەبەکان بە سونەو شیعەوە تێگەشتن کە سەرکردایەتی سیاسی کورد سەرکدەیەکی خێپەرستی گەندەڵن کەوتنە پەراوێز خستنی هەریمی کوردستان ، بەمەش پێگەمان لاواز بوو و ئەو سەنگ و قورسایەی کە هەمان بوو لەدەستماندا.

ئەوە پیاوە سیاسیەنەی کە لەدوای رووخانی حکومەتی بەعسی عێراقیەوە چونە بەغداد وەك نمایندەی کورد نەیان توانی سیاسەتێکی دروست بکەن بە ئاڕاستەی خزمەت کردنبێت بە پرسە نەتەوەییەکان بەتایبەتی لە بەدهێنانی خەونی گەلانەوەی ناوچە جێناکۆکەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان.
بۆیە خەڵکی هەرێمی کوردستان و ناوچە جێناکۆکەکانیش کرانە قوریانی بەرژەوەندیەکانی گروپێکی بچوك لەسەرکردەی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار کە زۆر نەهامەتیان توشکردین.
لەکۆتایدا دەگەینە ئەواستیەی کاتێك کێشەمان لە گەڵ بەغداد بووە ئەوە کێشەکانمان لە سەر پێست و پارە بووە نەوەك لە سەر پرسی نەتەوەی ، هەمیشە پرسە نەتەوەییەکان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بەکار هێناون لەلایەن سەرکردە سیاسیەکانمانەوە.

مافیاکانی نەوت لەهەرێمی کوردستان … جەزا ئەحمەد فارس

گروپێکی بچوك لە هەردوو حزبی دەسەڵاتداری هەرێمی کوردستان/عێراق، دەستیان بەسەر داهاتی نەوت گرتووە کە سەرەکیترین سەرچاوەی داهاتە بۆ هەرێمی کوردستان ئەم گروپە ئەکرێت بە مافیای نەوت ناویان بێنین لە بەر ئەوەی هەموو سیفەتەکانی مافیایان تێدایە .
ئەو نەوتەی کە سروشت پێی بەخشین لەبری ئەوەی ببێت بە سەرچاوەی

خۆشبەختی و ئاسودەی بۆخۆمان و نەوەکانمان ئەم گروپە مافیایە کردیان بە نەهامەتیەك کە خۆمان و نەوەکانیشمان ئەبێت باجی بدەین .
مافیاکانی نەوت بە شێوەیەیەکی نا ئەخلاقی و نا یاسای داهاتێکی خەیاڵاویان لە هەناردە کردنی نەوتی ئەم هەرێمەوە دەست دەکەوێت.
بۆئەوەی ئەو داهاتە زۆرەی کە لە فرۆشتنی نەوتەوە دەستیان دەکەوێت لەکاتی بردنە دەرەوەی توشی لێپرسینەوە نەبن سیاسەتی سپی کردنەوەی پارەی نەوت ئەگرنە بەر .
چەندین کۆمپانیای وەهمیان دروست کردووە بەمەبەستی ئەوەی کاتێك کە داهاتەکانیان بردە دەرەوە بۆن ئەم داهاتانە لە قازانجی ئەم کۆمپانیانەوە دەستمان کەوتووە.

زۆر جار لە پاڵ ئەوەی ئەم کۆمپانیانە کاری سپی کردنەوەی پارە دەکەکەن بە شێکی زۆری تەندەرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش وەر دەگرن و لەوانەشدا گەندەڵییەکی بێشوومار ئەنجام دەدەن.
یەکێکی تریش لەو دیاردانەی کە ئەم مافیانەی نەوت دروستیان کردووە چەندین کەسی نزیك لە خۆیان لەماوەیەکی کەمدا کرد بە ملوێنەرو ملیالەر لە سەر داهاتی خەڵکی ئەم هەرێمە.
ئەم هەرێمە وای لێهاتووە وەکو قاچك لەماوەی شەو ۆژکدا چۆن هەڵەتێ قەت ئاوا چەندین ملوێنەرو ملیالەر دروست دەکرێن کە ئەمە شتێکی نا ئاساییە لە بەر ئەوەی زۆر بەی ئەو خەڵکانەی کە لەم هەرێمەی ئێمە ئەبن بە ملوێنەرو ملیالەر لە سەر داهاتی خەڵك بوون نەك لەسەر بنەمای لێهاتووی و کاری خۆیان.
کارەساتی گەورە چاوەڕێی خۆمان و نەوەکانمانە ئەگەر ئەم مافیایانەی نەوت نەوەستێنین چونکە ئەم مافیایانە گرنگ نیە بەلایانەوە ئەگەر هەموو ئەم هەرێمە وێران بکەن لە پێناو بەرژەوەندی تایبەت بەخۆیان.

مافیاکانی نەوت کێن ؟…

لەدوای ئەوەی کە هەرێمی کوردستان هەناردەکردنی نەوتی دەست پێکرد بۆ دەرەوە خەڵکی ئەم هەرێمە سەرەتا هیچ زانیارییەکان لە سەر ئەوە نەبوو کە ئەم نەوتە ئەگەر لە دەستێکی ئەمیندا نەبێت ئەبێت بە مایەی نەهامەتی بۆ خۆیان و نەوەکانیان بۆ یە هاوڵاتیان پێیان وا بوو کە ئایندەیەکی پرشنگدار چاوەڕێیان دەکات .
بەڵام بە تێپەڕ بوونی کات ئەو ڕاستیە ڕوونبوویەوە کە نەوت بۆ خەڵکی نەهامەتی دێنێت و بۆ بەر پرسەکانیش خۆشگوزەرانی.

هەمیشە راگەیاندکارە حیزبییەکانی هەردوو حزبیی دەسەڵاتدار لەڕگەی راگەیاندنەکانیاوە ئەوەیان بە گوێماندا ئەدا کە نەوت ئە بێتە مایەی خۆشگوزەرانی بۆ هەموو خەڵکی کوردستان بێیە خەڵکی ئەم هەرێمە چەواشە کرا بەشێوەیەکی نادروست رای گشتی ئاراستە کرا بە ئاڕاستەی پشتگیری کردن لە هەناردەکردنی نەوت.
بەتێپەڕبوونی کات نەوت بوو بە نەهامەتی بۆمان لەبەر ئەوەی کە گروپێکی مافیا کە من بە مافیای نەوت ناویان دەبەم کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی نەوتیان کرد و زۆر بەی داهاتەکەیان خستە خزمەتی خۆیانەوە و خەڵکی هەرێمی کوردستانیان بێبەشکرد لە و داهاتەی کە لە ڕگەی نەوتەوە دەست دەکەوێت.
مافیاکانی نەوت زۆرێك لە بەر پرسەکانی ناو هەردوو حزبی دەسەڵاتن کە ئەوانیش پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستانن ئەمان ئەو داهاتەی کەلەنەوتەوە دەست هەرێمی کوردستان دەکەوێت بە ئارەزووی خۆیان تەخشان و پەخشانی دەکەن بێیە ئەم هەرێمە کەوتۆتە ناوقەیرانێکی دارای قورسەوە کە ڕزگاربوون لێی ئەگەر مەحاڵ نەبێت ئەوە ئەستەمە.
ئەگەر سەیرێکی واقعی هەرێمی کوردستان بکەن لەم ڕدا هەموان بوینەتە قوربانی سەوداو مامەڵەی مافیاکانی نەوت بەهۆی ئەوەی کە مافیاکانی نەوت کۆنترۆڵی هەموو شتێکیان کردووەلەم هەرێمەدا.
چەندین بەر پرس لە سەرکردە سیاسیەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە سایەی نەوتەوە بوون بە کەسی ملۆنەر و ملیالەر ئەمانە خۆیان کردووە بە خاوەنی چاڵە نەوتەکان و هەر یەکەیان چەندین بیری نەوتیان هەیە.
لەپاڵ ئەوەی کە لەرگەی بڕیەوە بە شێکی زۆری نەوتی هەرێمی کوردستان بەتاڵان ئەبرێت بەدرێژای چەندین ساڵی ڕابردوو ئێستاش بە بەردەومی تەنکەرەکانی نەوت ڕیز دەبەستن بەدوای یەکدا و ئاودیوی سنورەکانی هەرێمی کوردستان ئەکرێن.

شێوازی کاری مافیاکانی نەوت

یەکێك لە سیفەتە دیارەکانی مافیاکانی نەوت ئەوەیە کە بۆهەستن بە هیچ شێوەیەك هەست بەئازارەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان ناکەن وە زۆر خێپەرستن ئەیانەوێت هەموو شتێك بۆ خۆیان بێت و ڕاحی قۆرغکاری باڵی کۆشاوە بەسەریاندا .
مافیاکانی نەوت بەنهێنی کارەکانیان ئەنجام ئەدەن و ئەو داهاتانەی کە دەستیان دەکەوێت بەناوی کەسە نزیکەکانی خۆیانەوە لە بانکەکانی دەرەوە هەڵی دەگرن .

مافیاکانی نەوت خاوەنی چەندین پڕۆژەی گەورە گەورەشن کە هەندێکیان تەنها بۆ سپی کردنەوەی پارەکانیانە وە هەندێکی تریشیان بۆ ئەوەیە کە بتوانن کۆنترۆڵی سەرجەم بوارەکانی ژیانی تاك بە تاکی هەرێمی کوردستان بکەن.
هەندێك لە مافیاکانی نەوت خاوەنی کۆمپانیای خانوبەرەن کە لە رێگەیەوە لەیەك کاتدا دوو سودی گەورە بە دەست دەیەنن یەکەم پارەکانیانی پێ سپی دەکەنەوە دووەم قازانجی خەیاڵاویش لەو پڕۆژانەدا ئەکەن.
ئەم مافیایانە خەڵکی هەرێمی کوردستانیان توشی تێکشکانێکی دەرونی گەورە کردوە ئەتوانین بڵێن پێویستمان بە چەندین دەیە ئە بێت بۆ ئەوەی جاریکی تر بگەڕێنەوە حاڵەتی ئاسای، چونکە زۆر بە بەرنامە کار لە سەر تێك شکاندنی کەسایەتی مرۆڤی کورد کراوە .

چۆن مافیاکانی نەوت بوەستێنین؟

کاتی ئەوە یە کە مافیاکانی نەوت بوەستێنین چونکە بە بەردەوام بوونی ئەمان لە سەر کارە چەپەڵەکانیان قەیرانەکان زیاتر ئاڵۆز ئەبن و ئاسۆی چارەسەر وون ئەبێت لێمان.
ئەگەر بەزووترین کات مافیاکانی نەوت نەوەستێنرێن ئەوە کارەساتی گەورە توشی هەرێمی کوردستان دەکەن کە بۆ چەندین نەوە کاریگەری ئەبێت
پێویستە ئەم مافیانە هەوێبدرێت لەناوخۆ ووو بەووی دادگاکان بکرێنەوە ئەگەر زەمینە سازی دادگاکانیش لەبار نەبوو لە هەرێمی کوردستان ئەوە ووو بەووی دادگاکانی عێراقیان بکەینەوە لە بەر ئەوەی بە پێی دەستوری عێراقی تاوەکو ئێستا ئێمە وەك هەرێمی کوردستان بە شێکی جیانەکراوەیەن لە خاکی عێراق .
پێم وایە دادگاکانی ناوەند شوازی کارکردنیان باشترە لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان وە حکومەتی ناوەندی عێراق چەندین قۆناغ لە پێش حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بڵێووو بەووو بوونەوەی گەندەڵی بۆیە ئەکرێت لە ڕێگەی دادگاکانی حکومەتی ناوەندەوە کە مەبەستم ئەوانەی دەرەوەی سنوری هەرێمی کوردستانە ئەم مافیایانە ووو بەووی دادگا بکرێنەوە.
ئەگەر هاتوو ئامادەش نەبوون بڵێنە بەردەم دادگاکان ئەوە یەك ڕێگەی ئاشتیانەی تر لە بەردەممانداا ئەمێنێت ئەویش بریتیە لەوەی کە لەڕێگەی ئەو نوسەرو ڕۆشنبیرانەی کە لە دەرەوەن بەتایبەتی لەوڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا ئەژین هەوێبدرێت لەوێ پەیاو لەداگاکان بۆ ئەو مافیایانە بکرێتەوە وەپاشان قەدەغەی سەفەریان

لەبکرێت و ئەو پارەی کە بەناوی خۆیان و کەسوو کاریانەوە هەڵگیراوە لە بانکە کانی دەرەوە بڵێك بکرێت چونکە ئەو پارانە هی هەموو خەڵکی هەرێمی کوردستانە نەك هی ئەوان.

مافیاکانی نەوت و کاری تیرۆر

ئەگەر بڕەنگ نە بین ئەوە مافیاکانی نەوت ئەمان کوژن یان هەوڵدەدەن بمانکۆن دیار ترین نمونەی تیرۆریش بریتیە لەشەهیدکردنی (کاوە گەرمیانی) ڕۆژنامەنوس کە بەر لەوەی یەکەمین نەوەی خۆی ببینێت بە ناشیرینترین شێوە و دور لە هەموو بەهایەکی مرۆڤایەتی تیرۆریان کرد.
شەهید کاوە گەرمیانی بووە قوربانی ئەو راپۆرت و کارە ڕۆژنامە نوسیانەی کە بە شێکی پەیوەندی بەمافیاکانی نەوتەوە هەبوو، ئەو ئەیویست کە مافیکانی نەوتی ناوچەکەی خۆی بە ئەمە بناسێنێت و گەندەڵیەکانی کەرتی نەوت لەگەرمیان دەربخات کە ناوچەیەکی ستراتیژی و گرنگە .
ئەم مافیایانە دەبێت لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی ناویان بخرێتە لیستی تیرۆرە وە لە بەر ئەوەی هەر ئەم مافیانەی نەوت بوون بە بێ گوێدانە هیچ بە هایەکی مرۆڤایەتی دەستیان لەگەڵ داعش تێکەڵ کردو بازرگانیان لەگەڵ کردن.
ئە بێت ئەوەمان قەت لە بیر نەچێت لەکاتێکدا کە داعش منداڵەکانی ئەمەی ئەکوشت و سەری ئەبڕین چەندین مافیای نەوت کە کورد بوون و لە لایەن پارتە سیاسیەکانەوە پشتگیری دەکران دەستیان لەگەڵ داعش تێکەڵ کردبوو بازرگانی نەوتیان لەگەڵ دەکردن .
بە داخەوە بازرگانی نێوان مافیاکانی نەوت لە هەرێمی کوردستان و داعش نەبووە ڕۆژەف و ئەم باسە زۆر گرنگی پێنەدراو لە سەر ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان.

قەیرانی دارای دەرئەنجامی گەندەڵییە لەداهاتی گشتی هەرێم

… جەزا ئەحمەد فارس

سەرکردە سیاسیەکان خەکی هەرمی کوردستانیان توشی قەیرانکی گەورە کرد چونکە ئەوان فری ئەوە بوون لە یەك کاتدا سەرجەم داهاتی ناوخی هەرمی کوردستان و بەشکیش لەو بودجەیەی کە لە عراقەوە دەهات بەشوەیەکی نایاسای بە خیان بەرن.
بیە کاتك کە بودجەی هەرمی کوردستان بۆا سەرەتای قەیرانەکان دەستیان پکرد، سەرکردە سیاسیەکان لە هەردوو حیزبی دەسەاتدار لە بری ئەوەی لەخەمی ئەوەدا بن کە قەیران دروست نە بت کەوتنە دروست کردنی چەندین قەیران ، خەکی هەرمی کوردستان هەرگز پش بینی ئەوەی نەکرد بوو کە گەندەی سەرکردەکان گەشتبتە ئاستك دەست بەرن بە قوتی منداەکانیان و موچەکانیان بە بکەن بە وبعە موچەو وە دواترش لە بری مانگانە بیان بکەن بە چەند مانگ جارك.
کشەی بنەەتی لە دروست بونی ئەم قەیرانە دەگەتەوە بە ئەوەی کە ناشەفافیەکی زر لە داهاتی گشتی هەیە بە شوەیك گروپکی بچوك کنتی هەموو شتکیان کردووە بە خیان و تەخشان و پەخشانی داهاتی گشتی دەکەن بەمەش یاری بە چارەنوسی موچەی فەرمانبەرانەوە دەکەن.
بەدروست بوونی قەیرانی دارای لە هەرمی کوردستان رووی راستی پیاوە سیاسیەکانمان بە دەرکەوت ئەوە ووبوویەوە کە ئەوان چەند پیاوکی بچوکن ئەوان هندەی بازرگانن و خەریکی بازرگانین بە سەر خەکی هەرمی کوردستان نیو هندە پیاوی سیاسی راستە قینەنین کە لە خەمی خەکەکەی خیاندا بن و بیانەوت خزمەتیان بکەن.
لەم قەیرانەوە تگەشتین کە ئەوانەی لەم هەرمە سیاسەت ئەکەن بەکەکی فەرمانەوای نایەن و سەرکردە سیاسیەکانی ئمە جگە لە گروپکی نادیموکراسی قرخکار زیاتر هیچی تر نین .
داهاتی ناوخی هەرمی کوردستان ئەگەر بە شوەیەکی شەفافانە بخرتە وو ئەوە بگومان ئەم داهاتە بەشی سەرجەم تچووەکانی هەرمی کوردستان دەکات.
لە بەر ئەوەی ناشەفافیەکی زر لە داهاتی ناوخی هەرمی کودستان هەیە ، خەکی بەتەواوەتی بئومد بوون لەم دەسەاتە چونکە هیچ ئیرادەیەکی راستەقینە بوونی نیە بە چارەسەر کردنی کشەکان.

گروپك لە سەرکردە سیاسیەکانی هەرمی کوردستان کنترلی هەموو شتکیان کردوە و یاری بە چارەنوسی خەکەوە دەکەن.
بئەوەی کە هەرمی کوردستان لەو قەیرانانە رزگار بکرن دەبت ئەو

گروپه بچوکەی که کۆنتڕۆڵی داهاتی گشتی ئەم هەرێمەیان کردووەو ئاراستەی سیاسەتەکانی حکومەت بە بەر ژەوەندی خۆیان دەکەن بەهەرشێوەیك بێت دور بخرێنەوە لە دەسەڵات چونکە بە بەر دەوام بونی ئەم گروپە قڕخکارە ئەوە قەیرانەکان هیچ ئاسۆیەکی چارەسەریان نابێت و وە ئەگەر بە شێوەیەکی کاتیش ئەم قۆناغە تێبپەڕنین ئەوە بگومان توشی چەنید قەیران و نەهامەتی ترمان دەکەن.
ئەم گروپەی کە ئێمەیان توشی ئەم هەموو نەهامەتی و قەیرانانە کردوە خاوەنی داهاتێکی زۆرن کە بەشێوەیەکی نایاسای ئەو داهاتەیان پێکەوە ناوە و لە بانکەکانی دەرەوە هەڵیانگرتووە بە ناوی خۆیان و خزم و کە سوکاریانەوە.
مەترسی گەورە بریتیە لەوەی کە ئەم گروپە بچوکە بە بەر نامە کار لە سەر ئەوە دەکەن کە خەڵکی ئەم هەرێمە هەژار و برسی بکەن بۆ ئەوەی وەك کۆیلەی خۆیان بە کاریان بیە نن وە ك چۆن مامەڵە بەداهاتی گشتی ئەم هەریمە و ئاراستەی سیاسەتەکانە حکومەت دەکەن ئاواش خەڵك ناچار بکەن کە بیان خەنە خزمەتی خۆیانەوە .
لەکۆتایدا دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لەماوەی کاکردنیدا دوور لە هەموو بنەماکانی ئەخلاق و پێوانە عەقلانیەکانی زانستی سیاسی مامەڵەی کردووەچونکە لەسەرەتای دروست بوونی ئەم هەرێمەوە گروپێکی بچوك کۆنترۆڵی هەموو شتێکیان کردوە و ئەوان بۆیار لە سەر چارەنوسی ئەم هەرێمە دەدەن.

چی لەهەگبەکەی دۆناڵد تەرەمپ دایە ؟ … جەزا ئەحمەد فارس

بە پێچەوانەی پێشبینی زۆر بەی ئەو توژەرو مامۆستایانی زانکۆ وە لە هەرێمی کوردستان کە پێیان وابوو هیلاری کلنتۆن دەواتە کۆشکی سپی ،دۆناڵد تەرەمپ هەنگاوەکانی بەرەو کۆشکی سپی نا.

دیموکراسیەتی ئەمریکی
ئەمریکا سەلماندی نەك تەنها ووڵاتێکی دیموکراسی خوازە بۆ ناوخۆی ووڵاتەکەی خۆی بگرە یەکێکە لەو ووڵاتانەشی کە نمونەیەکی جوانی

پشکەش کردووە لە قبوڵکردنی جیاوازیەکان کە یەکێکە لە بنەما بنەڕەتیەکانی دیموکراسییە .
دۆناڵد تڕەمپ ئەوەی ڕاگەیاند کە ئێستا کاتی کارکردنە ئەمە دەرخەری ئەوە یە کە ئەو هەرچەند لە کەمپینی هەڵبژاردنەکەی لەگەڵ دیموکراتەکان کە هیلاری کلنتۆن سەرکایەتی ئەکرد زۆر جار لەمەکردن و تۆمەتبار کردنی یەکتر بووە بەڵام ئەوە کۆتای هات و دەست لەناو دەست ئە بن بۆ ئەوەی ئەمریکایەکی بەهێز دروست بکەن .
تڕەمپ ئاماژەشی بەوەشدا کە کار بۆ یەکگرتووی ناوخۆی ئەمریکا دەکات لە نێوان دیموکرات و کۆماری و سەربەخۆکان بەم پەیامەی ئەوەی پشت ڕاستکردەوە کە ئەو سەرکۆکە بۆ هەموو ئەمریکیەکانە نەك تەنها بۆ کۆماریەکان ئەمەش جەوهەری ڕاستە قینەی دیموکراسی ئەمریکیەکانە کە سەرکەکانیان بەیەك چاو سەیری پێك هاتە جیاوازەکان دەکەن بە پێچەوانەی سەرکردە سیاسسیەکانی ووڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە کە بەتەنها نمایندەی پارتەکەی خۆیان یان ئەوانە دەکەن کە هەڵیانبژاردوون .
دۆناڵد تڕەمپ بە شانازیەوە سوپاسی هیلاری کرد بۆ ئەو خزمەتەی کە بە ئەمریکیەکانی کردووە ئەمە پێمان دەڵێت سەرکردە سیاسیەکانی ئەمریکا هەرچەند ناکۆکی و جیاوازی ئایدیا لە نێوانیاندا هەبێت بەڵام ئامادەن کە دان بەوە دا بنێن کە بەرامبەرەکەیان کاری باشی کردووە.
لەپاڵ ئەو هەموو جوانیانەی دیموکراسی ئەمریکی لەناوخۆدا ، ئەکرێت ئەمریکا بە پێچەوانەی ئەوە وە لە دەروەی ووڵاتەکەی کار بکات بۆ بە دیهێنانی ئامانجە ستراتیجیەکانی.

سیاسەتی ئابوری دۆناڵد تڕەمپ

ئەمریکیەکان لە چەندین قەیرانی ئابوریدا ئەژین، بۆ ئەوەی لەو قەیرانانە ڕزگاریان بێت پێویستیان بە سەرکۆکە کە شارەزای لە سیاسەتی ئابوری و بازرگانی هەبێت نەك سیاسەتی دەرەوە، بۆیە دەنگیان بە تڕەمپ دا لە بری هیلاری .
لە سیاسەتی ئابووریدا تڕەمپ کە بانگەشە بۆ گۆڕانکاری ریشەی ئەکات لە ئابوری ئەمریکا لە پێناو ئەوەیە کە ئەمریکا بکاتەوە بە مەزنترین وولاتی ئابوری جیهانی .
بۆ باشکردنی باری ئابوری ناوخۆی ئەمریکا تڕەمپ ئاماژەی بەوە کرد کەکار لە پێناو ڕەخساندنی زۆرتین هەلی کار دەکات، بەمەش بازاری ئەمریکی زیاتر چالاك ئەبێت لەناوخۆدا، لە یەك کاتدا هاوڵاتیانی ئەمریکی ئەتوانن سود مەند بن و هەروەها ئەمریکاش زیاتر هەنگاو

بەرەو دروستکردنی ئابوورییەکی یەهێز بنێت.
سیاسەتی ئابووری تەرەمپ ئایندەی ئەمریکا دیاری دەکات یان ئەوە یە کە ئەمریکا بەرەو لوتکە ئەباتەوەو لەووی ئابوورییەوە و ئەیچەسپێنێت یان ئەمریکا توشی شکستی ناوخۆی ئەکات و پێگەی لاواز دەبێت .
ئەمریکیەکان وا سەیری ئەم بابەتە ئەکەن لە هەردوو حاڵەتەکەدا قازانجیان بێت لە بەر ئەوەی لە حاڵەتی یەکەم حکومی جیهان دەکەن بە هۆی بوونی ئابوریەکی بەهێزەوە.
لە حاڵەتی دووەمیش کە شکستە زۆرێك پێیان وا یە کە ئەمریکا ئەبێت شکست بیەنێت بۆ ئەوەی جارێکی تر خۆی بونیاد بنێتەوە و بە هێزێکی گەورە تەرەوە لەکایەی جیهانی دەربکەوێت .
مێژووش زۆر نمونەی پێداوین لە سەر شکستی هەندێك ووڵات کە دواتر توانیویانە لەماوەیەکی کەمدا خۆیان رێکبخەنەوە و ببن بە بەهێزترین ووڵاتی جیهانن دیارترین ووڵات ئەمانیای دوای شەڕی جیهانی دووهەمە کە کەوتنێکی گەورەی لە سەر جەم بوارەکان بەخۆوە بینی بەڵام کاتێك کە هەستایەوە توانی کە ببێتە سوپەرنەری ئابووری و سیاسی ئەوروپا ولەسەر ئاستی جیهانیش رۆڵی کاریگەر ببینێت.
یەکێك لەوکارانەی کە تەرەمپ کە گرنگی پێدەدات لایەنی ئابووری وویلایەتە یەکگرتووەکانە ، پلانی ئەوەی هەیە کە لەووی ئابوورییەوە ئەمریکا بەهێز بکات،دور نیە یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی ئەوەی کە دەنگدەری ئەمریکی ئەویان لە هیلاری پێپەسەند تربوو ئەوە بێت کە بیانەوێت لەو کێشە ئابوریانە رزگاریان بێت کە لەناوخۆی ئەمریکا هەیە ، چونکە تەرەمپ ئەوەندەی بازرگانێکی لێهاتووە پیاوێکی سیاسی نیە.

سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە سەردەمی دۆناڵد تەرەمپدا
ستراتیجیەتی ئەمریکا بۆ دەرەوە گرانی بەسەردا نایات ئەوەی کە دەگوترێت بریتیە لەئامازەکانی بە دیهێنانی ستراتیجیەتی ئەمریکی ئەکرێت کە دیموکراتەکان ئەوکاتانەی کەلەسەر فەرمانڕەوای بوون سیاسەتی نەرمیان گرتبێتە بەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەمریکا بەڵام کۆماریەکان بە پێچەوانەوە.
کۆماریەکان بڕوایان بە وە هەیە بۆ بەدیهێنانی ستراتیجیەتی ئەمریکا ئاسایی ئەگەر بەشێوەیەکی راستەوخۆ سنوری ووڵاتانی تر ببەزێنرێت بۆیە ئاسایی جارێکی تر تەرەمپ ژمارەی هێزەکانی ئەمریکا لە دەرەوەی سنوری زیاتر بکات.
ئەوەی کە گرنگە لە سیاسەتی تەرەمپ بریتیە لەوەی کە ئەو بەڕاستی مەبەستێتی داعش لە موسڵ و ڕەقە تێك بشکێنێت بۆ یە ئەگەری زۆرە کە

ئەم دوو ئۆپەراسیۆنە خێراتر بکرێن.
هەموان چاوەڕێی ئەوە دەکەن کە لە سەردەستی دۆناڵد تەرەمپ ژمارەیەك شۆك هەبگیرسێت لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان بەتام دور نیە ئەم چاوەڕوانیە هەڵەبێت وەك ئەوەی کە هەمووان پێش بینی هیلاری کلنتۆنیان دەکرد بڕواتە کۆشکی سپی .
دروست بوونی شۆك ئەگەرێکی کراوەیە لەسەردەمی تەرەمپ چونکە زۆربەی ئەو شەپانەی کە ئەمریکا بە شێوەی راستەوخۆ بەشداری تیادا کردووە لە سەردەمی کۆماریەکان بووە.
ئەوەی گرنگە بۆ کورد ئەوەیە کە ئێمە ئەتوانین سود مەند بین لە سەردەمی تەرەمپ چونکە ئەو دیدگایەکی پۆزەتیفی هەیە بۆ پرسی کورد بەتام خاڵکی گرنگ کەوتۆتەوە سەر سەرکردایەتی کورد کە چۆن مامەڵە دەکات لەگەڵیدا.
ئێمە ئەگەینە ئەو ڕاستیەی کە ستراتیجیەتی ئەمریکا گۆڕانی بەسەردا نایەت لە سەردەمی تەرەمپ بەڵام ئامڕازەکانی سیاسەتی دەرەوە ئەگۆڕێت.